خۆتان بە دوور بگرن لەم کردەوە بۆگەنە ـ زیناکردنـەـ کە اللە نەهی لێکردووە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پاش ئەوەی کەسە ئەلئەسلەمیەکەی ڕەجمکرد؛ هەستا وفەرمووی: «خۆتان بە دوور بگرن لەم کردەوە بۆگەنە ـ زیناکردنـەـ کە اللە نەهی لێکردووە، هەرکەسێک ئەم کارەی کرد؛ با خۆی دابپۆشێت وخۆی ئاشکرا نەکات مادام اللە دای پۆشیوە، وبا تەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای اللە، هەرکەسێک نهێنی خۆیمان بۆ ئاشکرا بکات؛ ئەوا حوکمی اللە ی بەسەردا جێ بە جێ دەکەین».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه الحاكم والبيهقي]

ئیبن عومەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەستا پاش ئەوەی ماعزی کوڕی مالکی ئەسلەمەمی ڕەجم کرد -ڕەزای خوای لێبێت- لەسەر زینا کردن، وتاری دا وفەرمووی: دوور بکەونەوە لەو گوناهە پیس وبێزراو وقێزەونانەی کە خوای گەورە نەهی لێ کردون، وهەرکەسێك تووشی شتێکیان بوو؛ ئەوا دوو شتی لەسەر واجبە: یەکەم: خۆی دابپۆشێت چونکە خوای گەورە دایپۆشیووە وتاوانەکەی بۆ کەس باس نەکات. دووەم: دەستبەجێ تەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای اللە وپێداگیر نەبێت لەسەر کردنی تاوانەکە، ئەوەی تاوانەکەی بۆمان دەربخات ئەوا حوکمی خوای گەورەی بەسەردا جێبەجێ دەکەین کە لە قورئاندا هاتووە سەبارەت بەو تاوانە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58240